کۆنسۆلی تورکیا لە هەولێر سەردانی منداڵانی بەسەرپەرشت کردو دیاری بەسەر منداڵان دابەشکرد

کۆنسۆلی تورکیا لە هەولێر، ئەرمان تەپچو سەردانی خانەی منداڵانی بەسەرپەرشت کرد و یارمەتییەکانی کەکخراوی مانگی سووری تورکیای بەسەر ئەم خانەیە دابەش کرد.

ئەرمان تەپچو لە سەردانەکەیدا بە خانەی منداڵانی بەسەرپەرشت لە شاری هەولێر چاوی بە منداڵەکان کەوت و دواتر بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە، دیاری بەسەر منداڵەکاندا دابەش کرد.

کۆنسولی گشتی تورکیا لە هەولێر، ئەرمان تەپچو لە لەدوانەکیدا وتی: چالاکییەکی باشمان لەگەڵ مانگی سووری تورکیا ئەنجامداوە، هەروەها وتیشی: مانگی سووری تورکیا بەشێکی بە منداڵانی ساوا لە خانەی منداڵانی بەسەرپەرشت ئامادەکردووە و جەختی لەوە کردەوە کە بەردەوام دەبن لە کارکردن لەگەڵ دامودەزگاکانی تورکیا بە دابینکردنی پێداویستییەکانی خانەی منداڵانی بەسەرپەرشت لە هەولێر و پێشکەشکردنی یارمەتییەکان.